# ئیسلامی سیاسی لەسەردەمی عیلمانیەتدا

**"ئازاد قەزاز"لە وەلامی چەند پرسیارێکی سکرتێری نوسینی گۆڤاری "لڤین" "یاسین عومەر" سەبارەت بە ئیسلام و ئیسلامی سیاسی و ئاییندەی ئیسلامی سیاسی لەسەردەمی عیلمانیەتدا.**
**ئەم گفتوگۆیە لە ژمارە 40 ی ئەم مانگەدا لە ژێر ناونیشانێکی تردا بلاو بوتەوە.**

پ : لە ئیسلامی سیاسییەوە ئیسلام بخوێنینەوە یان لە ئیسلامەوە سەیری یئسلامی سیاسی بکەین ؟ چ پەیوەندییەک ئەم دووانە بەیەکەوە دەبەستێت ؟ لەکوێدا جیادەبنەوە ؟ چۆن دەڕوانیتە ئەوانەی دەیانەوێت ئەم دووانە بکەنە دوو ڕوی یەک دراو ؟

لە هەندێ ڕووەوە دەتوانین بلێین ئیسلامی سیاسی و ئیسلام خۆی یەکشتن, بە دیوێکی تردا دەتوانین بلێین جیان . لە ڕووی پرۆسەی مێژووییەوە پرۆسەیەکی درێژکراوەن و هەردوو ئیسلامی سیاسی و ئیسلام دەکەونە یەك چوارچێوە وە. بەلام لە ڕووی چۆنیەتیەوە ئەوا دوو شتی زۆر لەیەکتر جیاوازن , ئەویش ئەوەیە ئیسلام لەسەرەتادا کە دروست دبێ جۆرێ ماهیەتی هەیە و و لە کۆتاییدا جۆرێکی تر . کەواتە یەك پرۆسەی مێژووییە و سەرەتا و کۆتایی هەیە و دوو خالی جیاوازیشن کە خالی سەرەتا و خالی کۆتایە. وەك نموونەی ڕووەکێك یان درەختێکە کە لە سەرەتادا – تۆو – ێکە و دەبێتە درەخت و بەرهەم دەبەخشێت تا پیر دەبێ و بەرهەمەکەی کال و کرچ و تفت دەبێ . چونکە ئەم ڕووەکە یان درەختە لە کاتی گەشەکردن و بەرهەم بەخشیندا کاریگەری دەرەکی لە ئاو هەوا و نەخۆشیەکانی زەوی و ژینگە لە گەلیدایە .

ئەو حالەتەی کە موسولمانی تێدا بووە لە سەرەتای دروست بوونی ئیسلامدا زۆر جیاوازە لەو حالەتەی کە موسولمانی تێدایە لە کۆتایی هاتنی ئەو دروست بوونەدا .
سەرەتای ئیسلام پرۆسەیەکە هەلوەشاندنەوەی ڕابردوو و کەلتوور و ئایدۆلۆژیای باوی ئەو سەردەمەیە بەلام کۆتایی ئەو دروست بوونە چەسپاندنی ڕابردوو و کەلتوور و ئایدۆلۆژیایە.
سەرەتا خۆ ڕزگارکردنە, کۆتایی خۆ بەندکردنە . سەرەتاکەی –موحەمەد– ێکە کە موعاناتی ڕوحی و ڕەوشتی هەیەو دۆزینەوەی حەقیقەت خولیایەتی, کۆتاییەکەی – بن لادن – ێکە ڕوحێکی شەڕانگێزی و خۆسەپاندنی هەیە و دەسەلات و سیاسەت خولیایەتی .
موحەمەد لە گۆڕان ناترسێ و کۆمەلگای وەستاو دەجولێنێ و ستاتیك دەگۆڕێ بۆ دینامیك , کەچی کۆتاییەکەی دەیەوێ جولە و گۆڕان بوەستێنێت , چونکە لە گۆڕان دەترسێ.
ئەو کاتەی ئیسلام لە سەرەتادا دەستکاری هەست و نەستی عەرەبەکانی کرد تا ئەو خوایە ی هەزاران سالە لە نەستیاندا نیشتووە بیگۆڕێت, کۆتاییەکەی دەیەوێت هەر ئەو خوایە لە نەستی موسولمانەکاندا بهێلێتەوە و لەو زیاتر هیچی تر نەناسن .
سەرەتا ئەنتی باوان بوو, کۆتایی سەپاندنی باوانە واتە ئەنتی نەوەیە.
سەرەتا شەرعیەتی لە هەموو دەسەلاتە کۆنەکان سەندەوە و خۆی لێیان جیاکردەوە , کۆتایی شەرعیەتیان پێدەدا و دەستیان لەگەلدا تێکەل دەکات .
ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی لە پرۆسەی مێژووی ئیسلامدا, نوێنەرایەتی ئەو کۆتاییە دەکات. هەرچەندە گەلێکیش لە بالە جیاوازەکانی ئەو ئیسلامی سیاسیە خۆیان واداناوە کە لەگەل گۆڕان و پێشکەوتندان , بەلام بە بۆچوونی من ئەوان بە هەلەدا

چوون و له وەهمدا دەژین. ئەو گۆڕانەی ئەوان باسی لێوەدەکەن گۆڕانێکی ڕووکەشی و ڕووخسارە. هەرچەن تا ئێستە لای ئێمە هەموو ئایدۆلۆژیاکانی تریش گۆڕانەکانیان بنەڕەتی نیە و هەر روکەشییە, بەلام جیاوازیەکە لەوەدایە کە ئیسلامی سیاسی بەرگەی گۆڕانی جەوهەری و بنە ڕەتی ناگرن, لەبەر ئەوەی هێلی سووری زۆر و سنووری پتەویان بە دەوری خۆیاندا کێشاوە . ئەم حالەتە بیرکردنەوەیان سنووردارەدەکات, هەرچەند فراوانیش بێت مەودای ئەو بیرکردنەوەیە,هەر سنووردار دەبێ و لە حالەتی دوگماییدا دەیانهێلێتەوە .

ئیسلام لەسەرەتادا وەك مەعریفەو ڕەوشت و پاشان دەسەلاتی سیاسی دەستی پێکرد بەلام ئیسلامی سیاسی بەتقوس و پاشان بە دەسەلاتی سیاسی دەستی پێکرد ئەویش لەو خەیالدانەوە دێت کە ڕابردوویان دەسەلاتێکی سیاسی بووە و بەوەشەوە شانازی دەکەن و دەیانەوێ ئەو سەروەریە بگێڕنەوە . واتە گەڕانەوە بۆ ڕووکەشێکی ڕابردوو بێ ئەوەی بیر لەو بناغەیە بکەنەوە کە ئەو ڕابردووە خۆی لەسەر ڕاگرتبوو .

لەسەروو ئەمانەوە بەرهەمی سەرەتای دروستبوونی ئیسلام فەیلەسوف و بیرمەندی بەرز بوون, بەرهەمی ئیسلامی سیاسی مرۆڤی لاواز و بیری دۆگما و تیرۆریست بوون.

پ: ئایا ئیسلامی سیاسی پرۆژەیەکی یەکانگیر و یەکڕەنگ و خاوەن یەک زەمینەیە یان ئێمە لەبەردەم چەند جۆرێکی جیاوازی ئیسلامی یاسییداین ؟ ئایا جیاوازییەکان بایی ئەوەندەن کە ئەم هێزانە یەک یەک و دوور لەیەکتر بیانخوێنینەوە ؟

لە هەندێك ڕووە وە دەتوانین بلێین ئیسلامی سیاسی بە هەموو بالەکانیەوە و خاوەنی یەك زەمینەن و لە هەندێ ڕووی ترەوە لە یەکتر جیاوازن . تەنانەت من دەلێم نەك هەر ئیسلامی سیاسی لە هەندێ ڕووە وە لەیەك دەچن بە لکو هەموو موسولمانانی جیهان و بە هەموو پارتە سیاسی و نەتەوەیەکانی بە ناو سیکولاریستەکانیش لەو زەمینەیەدا بەشدارن و لەیەکدەچن. واتە ئەو زەمینەیە کە موسولمانەکان بە گشتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە

ئەوەش زەمینەی ( ڕەها) یە . ئیسلام ڕەهایەکە بۆ هەموو کات و شوێنێك دەست دەدات. قورئان سروشێکە و ڕاستەوخۆ لە خواوە نێردراوە و کەس بۆی نیە قسەی تێدا بکات , هەموو کافرێك بۆ دۆزەخ و هەموو موسولمانێکیش بۆ بەهەشت. مو سولمان هەرچۆنێك بێت لە ناموسولمان چاکترە وسروتەکان فەرزێکی موتلەقن و سین و جیمی تێدا نیە ئەمانە و زۆر شتی تریش نەك هەر بالەکانی ئیسلامی سیاسی بەلکو هەموو موسولمانێك دەکات بەیەك و یەك زەمینەی پێدەبەخشێ. لەسەر ئەم یەك زەمینەییە جیاوازیەکی زۆریش لە ناو ئیسلامی سیاسیدا دەبینین, ئیسلامی سیاسی عەرەبی , تورکی , فارسی , هیندی , پاکستانی , ئەندەنوسی , مالیزی هتد . لە ناو ئەم وولات و نەتەوانەشدا دیسان ئیسلامی سیاسی دابەش دەبێتەوە ئەوەش پەیوەندیەکی زۆری هەیە بە بنەما پەروەردەیی و باکگراوەندو و سەرچاوەی ڕۆشنبیری و شێوەی ژیان و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان . دەبینی ئیسلامی سیاسی میانەڕەو و توندڕەو و تیرۆریست پەیدا دەبن.

ئەگەر کورد وەك نموونە بهێنینەوە دەبینین ئیسلامی سیاسی لەم پارت و گروپانەدا,خۆی دەبینێتەوە (( یەکگرتوو ئیسلامی , بزووتنەوەی ئیسلامی, کۆمەلەی ئیسلامی ,ئەنسارولئیسلام و ئەنساروئەلسنە)). هەر یەکە لەم گروپانەش لە ناو خۆیاندا چەندین بۆچوونی جیاواز بەدی ئەکەی. لەوانەیە گەر بلێم هێندەی ژمارەی تاکەکان ژمارەی ئیسلام هەیە ڕاست بێت, بەلام ئەمانە هەموو یەك سیما وەردەگرن بە هۆی ئەوەی لە ناو یەك پرۆسەی مێژوویدان کە لە وەلامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد.

ئایا دەتوانین پارتی و یەکێتی لە دەرەوەی ئەم پرۆسە مێژووییەدا سەیر بکەین , نەخێر چونکە هەر وەکو ووتمان ئەو زەمینەیەی کە ئیسلامی سیاسی هەیەتی ئەوانیش هەمان زەمینەیان هەیە و بە هەمان ئەقلیەت و پێکهاتەی دەروونیەوە کار

دەكەن. ئەگینا حەج كردنی مام جەلال و مەزارگای بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و سروت دانان بۆیان و كردنیان بە قیبلەی نەتەوایەتی چ مانایەك دەبەخشێ, ئەوانیش بە هەمان شێوەی ئیسلامی سیاسی پیرۆزی دەدەنە پال خۆیان و پێشبركێیان لەتەكدا دەكەن. پارتی و یەكێتی هەمان مرۆڤگەلن كە لە ناو پرۆسەی مێژوویی هەرزار و پێنجسەد سالی ئیسلامدا گینگل دەدەن . ڕابردووی ئەمانیش هەمان ڕابردووی ئیسلامیە كوردەكانە. بەلام ئەمان دروشمی نەتەوایەتیان هەلگرتووە و ئەوان دروشمی ئایینیان هەلگرتووە .. بۆیە ئیسلامی سیاسی هەمیشە دەیەوێ ئەوە دوو پات بكاتەوە و بیسەلمێنێ كە ئەوانیش كوردن و لەگەل كێشەی كوردان و پارتی و یەكێتیش ئەوە دووپات دەكەنەوە كە ئەمانیش دیندارن و موسلمانن. ئەم دوو ڕەهەندەش نەتەوایەتی و دینداری هەردووكیان پەیوەندی بە ناسنامەی ڕوحی مرۆڤەوە هەیە ,بەلام ئەمان هەردوولایان ئەم دوو ئامانجە خراپ بەكاردێنن, گەشتن بە دەسەلات گەورەترین مۆتیڤی جولانەوەیانە, نەك تێركردنی پیویستیە ڕوحیەكانی مرۆڤ كە ڕەهەندی دینداری و نەتەوایەتیە و دوو دیوی زۆر پتەوەی ئەو ئینتمایەن.

پ : ئایا ئیسلامی سیاسی درێژكراوەی ئەو شارستانیەتە گەورەیەیە كە تا دوا نەفەسیش (( واتە تا سەرەتاكانی سەدەی بیست ))یش ئامادە نەبوو هیچ ریفۆرمێك لەخۆیدا بكات ، دەتوانین بلێین ئیسلامی سیاسی هەمان ئیسلامی ریفۆرمنەكراوە كە ئێمە پێی ئاشناین ؟

ئیسلامی سیاسی دەتوانین بلێین درێژكراوەی ئەو شارستانیەتەیە كە بە شارستانی ئیسلام ناسراوە. و هەر وەك لە وەلامی پرسیاری یەكەمدا ئاماژەم پێكرد, درێژكراوەی پرۆسەیەكی مێژوویی بەردەوامە. كە دەلێم پرۆسەی مێژوویی مەبەستم لە پرۆسەی هۆشیاربوونەوەی مرۆڤە, كۆمەلگەیە, نەتەوەیە. هۆشیاربوونەوەش پرۆسەیەكی دیالەكتیكی دینامیكیە, بەلام هەموو پرۆسەیەكی مێژوویی مەرج نیە بە ئاراستەیەكی پێشكەوتن یان سەركەوتندا بڕوات , بەلكو هەندێ جار وا ڕوو دەدات لە بری بەرەو پێشچوون و هەلچوون, بەرەو دواوە و داچوون دەچێت, لەبری كاملبوون, پوكانەوە ڕوودەدات. ئیسلام كە بە موحەمەد دەست پێدەكات سەرەتای سەرهەلدانی شارستانیەتێك بوو كە پاشان پەلو پۆی بۆ زۆر لا كێشا , موحەمەد دەروازەیەكی لە زیهن و هۆشی عەرەب و دەورووبەریدا والا كرد, كە دواتر بووە هۆی ڕوودانی گەلێك گۆڕان لە دەروون و ڕەفتاری ئەو كۆمەلگەیەدا. ئەم جۆرە گۆرانانە مەرج نیە لە هەموو تاكەكانی ئەو كۆمەلگایە بە یەك ئاست و بە یەك شێوە ڕووبدات. ئەم گۆڕانە زۆر جار گۆڕانێكی فیزیای دەبێ لای هەندێك و زوو دەگەڕێتەوە قۆناغی ڕابوردووی, بۆیە هەر دوای ماوەیەكی كەم دەگەڕێنەوە بۆ هەندێ لە شاكاری داب و نەریت و مەزاجی دەروونی پێشویان وەك نموونەی مەعاوییە. بۆهەندێكیش گۆڕانێكی سایكۆلۆژی قول دەبێت و زۆر كاری تێدەكات بەهەموو شێوەیەك هەولی چەسپاندنی ئەو مەبدەئانە دەدات وەك عەلی. ئیتر ئەم دوو بالە بەبەردەوام لەو مێژووەدا لە ململانێدا دەبن. موحەمەد خالی دەستێكردنی ئەو گۆڕانە بوو بەرەو ئەو شارستانیەتە,كە چەندەها سالیش هەر بەو ووزە و زەخیرەیەوە ئەو شارستانیەتە ڕێدەكات و ووردە ووردە لەو زەخیرەیە كەم دەبێتەوە . بێگومان كە دەلێم شارستانی مانای وا نیە كە ئەو شارستانیەتە كامل و پڕ بووە و هەموو گرفتێكی مرۆڤایەتی چارە سەر كردووە و هیچ شتێك نەماوەتەوە بۆ باس و لێكۆلینەوە . نەخێر بەلكو لەو شارستانیەدا وەك هەموو شارستانیەتەكانی مێژووی مرۆڤایەتی دیاردەی ستەمكاری و دیكتاتۆری و خوێن ڕێژیش سەریهەلداوە, بەلام لە هەمان كاتیشدا زانا و فەیلەسوف و عارفی زۆری تێدا پەیدا بوون و بەرهەمی خۆی لەو كاتەدا بە مرۆڤایەتی بەخشیوە. خالی جەوهەری بوونی شارستانیەتی بوونی دینامیكیەتی جولەی فیكری و ڕەوشتی و سیاسی مرۆڤگەلی ئەو كۆمەلگایە یە . بە بەردەوام دوو هێز ی خێر و شەر لە ململانێدایە , هێزی شەڕ هەر چەند هەولدەدات ئەو شارستانیەتە دارمێنێ بەلام هێزی خێر بەرەنگاری دەبێتەوە و ڕایدەگرێت, ئەم ململانێیە هەندێك جار هەزاران سال دەخایەنێ. لە هەموو بەرەنگاریەكدا هەرچەند هێزی خێر سەردەكەوێ بەلام هێزی شەڕیش قەلبەیەك هەر دەخاتە

ئەو شارستانیەتە و هێزی خێر پینەی دەکات. هەموو ئەو بزاڤ و ڕێبازە فیکری و فەلسەفی و زانستی و سوفیگەریانە پەیدا دەبێت, بۆ پینە کردن و ڕاگرتنی ئەو شارستانیەتیە. گرنگ نیە ئەو کارە بە ئاگا یان بێ ئاگایانە بێت. دەتوانین بلێین ڕیفۆرم جۆرێکە لە پینەکردنی پۆشاکی شارستانی تا بەرگەی پۆشین بگرێ . هەتا توانای پینە کردن و جێی پینەکردن هەبێ ئەوە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شارستانیەتیە هێشتا زیندووە و پێیماوە . تا دەگاتە ڕادەیەك شوێن نامێنێ پینە نەکرابێ و ئەو بەرگە توانای پینەکردن و لەبەرکردنی نامێنێ . ئەوجا پێویست دەکات سەر لەنوێ بەرگێکی تر و لە قوماشێکی تر و بە مۆدێلێکی تر بدوررێت.

شارستانیەتی ئیسلام تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستیش توانای ڕیفۆرم کردنی هەبوو , پاش ئەوە دەبوایە هەر ئەو بەرگە پینەکراوە لەبەرکا و زەخیرەی پێشوانی خەرج کات. بەم شێوەیە جیهانی ئیسلامی دەکەوێتە خەوێکی خۆشەوە, خەوبینین بە ڕابوردووەوە, خەوبینین بە پالەوانەکانیەوە, لاساییکردنەوەی باوانیان.

لەو کاتەدا لە ئەوروپادا مۆدێرنە سەرهەلدەدات, کاریگەری سەردەمی مۆدێرنێتە بۆ جیهانی ئیسلامیش دەگوێزرێتەوە.

لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا ئەو کاریگەریە بە ئاشکرا دەردەکەوێت. بە ڕادەیەك لاساییکردنەوەی مودێلی ئیداری و سیاسی ڕۆژ ئاوا بە جیهانی ئیسلامیەوە بووە دیاردەیەك کە خۆی لە چەند نموونەیەکدا بینیەوە, وەك سولتانی عوسمانی سولتان عەبدواحەمید و پاشانیش دەولەتی کەمال ئەتاتورك لە تورکیا و شای ئێران لە ئێران.

ئەم بارودۆخەی ئەوکات حالەتێکی ترس و وون بوونی ناسنامە لای موسلمانەکان دەوروژێنێ و دەبێتە هۆی سەرهەلدانی بزاڤی جیاواز جیاواز . هەندێکیان دەیانویست دەقاو دەق لەو مۆدیلەی خۆر ئاوا بچن تا لەدەست ئەو مۆدێلە کۆنەی حوکم و دیکتاتۆرەکان ڕزگاریان بێت و هەندێکی تر دەیانویست لە ڕێگەی نەتەوایەتیەوە بەرەنگاری ئەو کاریگەریە ببنەوە و بەوە چارەسەری گرفتەکانیان دەکرێت و تەباییان بۆ دەخولقێت و , هەندێکی تریشیان پێیان وابوو ئایین و گەڕانەوەبۆ سیستەمی خەلافەتی ئیسلامی, لەو مەترسیەی ونبوونی ناسنامەیە دەیانپارێزێ و ڕزگاریان دەکات و بەرەنگاری عیلمانیەتیان پێدەکرێت .

لەبەر ئەوەی پرسیارەکان سەبارەت بە ئیسلامی سیاسیە , لێرەدا زیاتر ڕووناکی دەخەینە سەر لایەنی بزاڤی ئایینی.

بزاڤی ئایینی لەسەرەتادا وەك بەرەنگاربوونەوەیەك بەرامبەر بە بیری مۆدێرنە سەریهەلدا و لە هەمان کاتیشدا لە ژێر کاریگەری ئەو بیرە دابوو . لەسەرەتادا ئەو بزاڤانە لە ولاتانی عەرەبی بزاڤی تاکە کەس و فیکری بوون وك ڕەشید ڕەزا , موحەمەد عەبدە , جەمالەددین ئەفغانی و ,لە تورکیاش سەعید نورسی و لە لە پاکستان ئەبو عەلای مەودودی هتد, تەنانەت بزاڤی ئیخوانولموسلمینش لەسەرەتادا دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە. چەندجارێك لە کەنالی ئاسمانی "کوردسات" دا گفتوگۆکراوە لەسەر ئیسلامی سیاسی و بە تایبەتی ئیخوانلموسلمین هەستم کردووە زۆر نابابەتیانە لەو بابەتە دواون, هەروەك بلێی ئەو بزافە هەرلەسەرەتاوە پیلان و دەستکردێك بووە و هیچ پەیوەندییەکی بە پرۆسەی مێژوویی و بارو دۆخی کۆمەلگاوە نەبوبێ. ستەمێکی زۆریش لە حەسەن بەننا دەکەن لەو جۆرە بۆچوونانەدا. حەسەن بەننا بەتەئکید لە ژێر کاریگەری (ڕەشید و عەبدە و ئەفغانی) دا بووە, بەلام لەهەمانکاتدا سۆفیەکی ناو ڕێبازی (ڕەفاعی) بووە. لە ژێر کاریگەری ئەمانەدا هەولیداوە مەعریفەی ئەوان و ڕەوشتی ئەمان بێنێتە ناو کۆمەلگاوە و بەبۆێوونی ئەوسای بەننا ئەوا دەتوانن کێشەی کۆمەلگای داڕووخاوو پەککەوتووی ئیسلامی چارەسەر کەن. ئەمە بۆچوونی بەننا بوو و پرۆژەی ئیخوانلموسلمینی بۆ دانا. لەگەل ئەوەشدا بەننا ڕازی نەبوو لە پرۆژەکەی چونکە وەك یەکێك لە قەتابیەکانی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنی لەگەل ئەحەمدمەنسور وتی کە بەننا ڕێکخستنی ئیخوانی دانی هەر زوو پەشیمان بۆوە لەبەر ئەوەی تێگەشت وەختی نەبو دەبو لیە هەر لەسەر پەروزەردەکردن بەردەوام بوایە نەك ڕێکخستن. ئەم قوتابیە خۆی لەگەل بەننادا بوو وە ئێستا لەناو ئەو ڕێکخستنەدا نییە. بەم مانایە ئەوانەی ئیمڕۆ بەناوی ئیخوان قسە دەکەن گوزارش لە بیری بەننا ناکەن. ئیسلامی سیاسی ئەم ڕۆژانە گشتیان لەم ڕەگانەوە سەردەردێنن کە بەننا مەترسی لێی هەبوو. جگە لەوەش کە بزاڤی ئیسلامی

کورد لەم سەرچاوەیەوە هەلقولابێت  زیانی بە پرۆسەی مێژوویی کورد گەیاندووە. خۆ ئەگەر بیرە ڕاستەکەی بەنناش بە ئێمە بگەشتایە هەر زیانی دەگەیاند چونکە کێشەی عەرەب هەرچۆن بێت بە هەموو پێوانەیەك جیایە لە کێشەی کورد. کورد دەبێت پرۆژەکەی لە ناو جەرگەی خۆیەوە هەلقولابێت کە تا ئەم ساتە وەختەتە لەو جۆرە پرۆژەیە لە ناو ئێمەدا پەیدا نەبووە. مێژووی ئەم بزاڤە ئیسلامیانە کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەیەك دیسانەوە جیاوازی هەیە لە نێوان سەرەتاو کۆتای بزاڤەکە.

لەسەرەتادا زیاتر بزاڤێکی مەعریفی و فیکری بوون. هەرچەندە ئەم بزاڤانە کاری سیاسیشیان لە هەناویاندا هەلگرتبوو بە تایبەتی ئیخوان ئەلموسلمین. دەکرا ئەم بزاڤە فیکریانە ئەگەر ڕەوشی سروشتی خۆیان وەرگرتایە دەبوونە هۆی گۆڕانێکی جەماوەری پۆزەتیڤانە, هەرچەند ئەمەش بە ستەم ئەزانم . چونکە حالەتی جیهانی ئیسلامی بەو شێوەیە نەبوو کە ئەو گۆڕانە جەوهەریەی لێدروست بوایە. بزاڤی فیکری ئەم سەرەتایە زۆر جیاوازە لەو سەرەتایەی کە ئیسلامی لێدروست بوو, چونکە ئەم بزاڤانە لە حالەتی سەرەتاییدا بوون و گەر باری جیهانی ئیسلامی لە قۆناغی پیربووندا نەبوایە دەکرا ئومێدی لێبکرایە. هەر بۆیەش لە هەناوی  ئەم بزاڤە عیرفانی و فکریانە بزاڤی سیاسی و و چەکداری و تیرۆرستی پەیدا بوون. بوونە هۆی تەستیح کردنی خوێندنەوەیان بۆ دیاردە و ڕووداوەکان.

لەبەر ئەوە بە بۆچوونی من بە ئیسلامی سیاسی ناتوانین بلێین ئیسلامی ڕیفۆرم بەلکو پێی دەوترێ ئیسلامی بێ کرۆك و پوکاوە لە گشت جەوهەر و ناوەڕۆکێك , هەروەك بەری کال و کرچی درەختێك.

پ : چۆن گەڕانەوەی ئیسلامی سیاسی بۆ واجیهەی سیاسەت و دەسەلاّت لێکدەدەیتەوە کە ماوەیەکە زۆر بە چڕی دەبینین بۆتە تایتلّی سەرەکی هەوالّ و ڕۆژنامەکان، لە فەلەستین دەگاتە دەسەلاّت ، لە میسر دەنگێکی زۆر دەهێنێت ، لەکوردستان سەرنج ڕادەکێشێت و لەعێراقیش زۆرینەی کورسییەکان داگیردەکات، ئایا ئەمە موجەڕەد مۆدێلێکی کاتییە یان پرۆژەیەکی سەرتاپاگیر و دوورمەودایە کە دەبێت لەمەودوا دەست وپەنجەی لەگەلّدا نەرم بکەین ؟

گەڕانەوەی ئیسلامی سیاسی بۆ واجیهەی سیاسەت و دەسەلات پەیوەندی بەو قۆناغەوە هەیە کە کۆمەلگەی ئیسلامی ئەمرۆ خۆی تیا دەبینێتەوە .

لە وەلامی پرسیارەکانی پێشودا باسمان لەوە کرد کە ئەم سەردەمە کۆتایی مێژووی ئیسلامە. سیمای ئەو کۆتاییە ناهۆشیارییەکی تەواو بەرامبەر چۆنیەتی ڕادەی گەشەسەندنی بیری مرۆڤایەتی و ماهیەتی ئەم زەمەنە کە جیهانی ئیسلامی بە خۆیەوە دەیبینێ . دەسەلاتی سیاسی و حاکم و بزافی ئیسلامی لە پاش دامەزراندنی ئیخوان ئەلموسلمین, هەریەکەیان بە جۆرێك ڕۆلێکی مەزنیان بینی لە بەرپاکردنی ئەم ناهۆشیاریەدا.

ئەو سەردەمەی کە بزاڤی ئیسلامی سەر دەردێنێ, ڕۆژهەلاتی ئیسلام و ڕۆژئاوای مۆدێرن لەبەرەو ڕووبوونەوەدا بوون . ئەوەبوو پێشتر ئاماژەم بەوە کرد کە دەسپێکی بزاڤە ئیسلامیەکانی ئەفغانی و مەودودی و نورسی و

–تەنانەت ئیخوانیش تا ڕادەیەك– فیکری و مەعریفیانە بوو. دەیانویست وەلامی پرسیارەکانی ڕۆژئاوا بدەنەوە کە بەرامبەر بە ئایین و پیرۆزگەرایی وروژاندبووی . واتە پێویستی دروست بوونی ئەوان ئەو زەمینەیە بوو کە بزاڤی فکری و مەعریفی خۆر ئاوا خولقاندبووی و کاریگەریەکەشی سەری بەرەو ڕۆژهەلات دەکێشا. ئەو بزاڤە ڕۆژئاواییە توانی ئایینی مەسیحی بە تەواوی و یەهودیش تا ڕادەیەك  سیکولاریزە بکات . واتە جیهانی ڕۆژئاوای لە قۆناغی تیۆلۆژیەوە گوێزرایەوە بۆ قوناغی زانستی و پاش ئەووەش بەرەو قۆناغی تەکنەلۆژی . ئەمەش کاری ڕۆژ و دوو ڕۆژ نەبوو , بەلکو چەندین سەدەی خایاندووە . بتەوێ و نەتەوێ ئەمە لە هەموو لایەنێکەوە کاریگەری بۆ سەر جیهانی ئیسلامی هەبوو, هەموو ئەو بنەما فیکری و عەقیدەیانەی کە ئیسلام و

کۆمەلگەی ئیسلامی خۆی لەسەر ڕاگرتبوو وورده و وورده لێیدەخوارد و دەیڕماند . ئەم حالەتە ترس و دلە ڕاوکێیەکی زۆری لە جیهانی ئیسلامیدا خولقاند . بۆیە دەبینین بزاڤی فیکری ڕەشید ڕەزا و عەبدە و ئەفغانی بە ڕێبازی تیۆلۆژیانە بەرپەرچی ئەو تەوژمە فکرییەیان دەدایەوەو ڕۆژئاواش لە قۆناغی زانستیەوە پرسیاریان دەوروژاند. وەنەبێ ڕۆژئاوا ئەم بارودۆخەی بەدەستی ئەنقەست خولقاندبێ نەخێر فیکری مرۆڤە و ڕیگەی خۆی دەبڕێت و پێش ئەوەی کاریگەری بۆ جیهانی ئیسلام هەبوویێت کاریگەری بۆ جیهانی مەسیحی و یەهودی هەبووە. بەلام لەبەر نەبوونی زەمینەیەکی وا لە جیهانی ئیسلامیدا کە کاری مەعریفی و فکری پەرەبسەنێت و بتوانێ پەیامەکەی خۆی لە ڕەووینەی ئەو ترسە جێبەجێ بکات, شێوازی کاری ئەم بزاڤانە کەم تا زۆر بە تایبەتی ئیخوان بەرە و کاری سیاسی سەری کێشا . واتە شێوازی کاری ئەو بزاڤانە لەم سی سالەی دواییدا جیاواز بوو لە شێوازی کارکردنیان لەسەرەتای سەرهەلدانیان. کەمە کەمە کاریگەری نیگەتیڤانەیان بە جیهانی ئیسلامیەوە پێوە دەرکەوت. ئەمانە کاریان دەکرد لەسەر داخستن و وەستانی بیر و زەینی تاکی موسلمان, لە پێناوی ئەوەی کۆمەلگەی ئیسلامی نەکەوێتە ژێر کاریگەری تەوژمی عیلمانی ڕۆژ ئاوا وە . دەتوانین بلێین کاری ئەم بزاڤانە جارێکی تر بانگەوازیکردن بوو بۆ ئیسلام , بەلام لە دوو جیهان و دوو زەمەن و دوو کۆمەلگەی جیاوازدا. ئەم جیاوازیە زۆر کەم لەبەر چاو دەگیرا, بۆیە لە بری شارستانی دروست کات وەك سەرەتای سەرهەلدانی ئیسلام, ئەمانە کۆمەلگەی لاواز و بیری لاواز و و کاری تیرۆریستیان لێوە پەیدا بوو. سەدەیەك لە بانگەوازی بۆ فیکرەیەك کە ئایین پالپشتی بێت و قسە لەسەر لایەنێکی گرنگی مرۆڤ بکات کە ئەویش ڕەهەندی ڕوحی و ناسنامەیە و جگە لەوەش بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی لە بەرژەوەندی ئەو دیدگە و ڕوانگەیەی ئەوان بووبێ, هەلبەتە وا دەکات ئەوانیش دەرکەون و نیمچە دەسەلاتیش بگرنە دەست . سەرەڕای ئەوانە شکستی ئەزموونی بزاڤی نەتەوایەتی و و چەپ و علمانیش , وا دەکات کە نۆرەی ئەوانیش بێت کە ئاشی خۆیان بخەنە گەڕ. دەبێ ئەوەش بزانین کە هێشتا جیهانی ئیسلامی بەتەواوەتی نەکراوەتەوە و هێشتا لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیا و بزاڤە ئیسلامیەکاندایە و هێشتا ترس لە سیکولاریزم و ڕۆژئاوا زەمینەیەکی لەبارە بۆ بوونی ئیسلامی سیاسی . لەگەل ئەمانەشدا بە بۆچوونی من هێشتا بزاڤی ئیسلامی کەمیان لە دەسکەوتی دەسەلات وەدەست هێناوە لە چاو ئەو مێژووەی هەیانە بە تایبەتی بۆ عەرەب ئەم دەسکەوتانە زۆر کەمە . چونکە عەرەب ئینتمای ئایینی و نەتەوەیی لە ئیسلامدا دەبینێتەوە. ئەمە بە شێوەیەکی گشتی لە نیشتمانی عەرەبدا بەلام سەبارەت بە عێراق ئەوە حالەتێکی تایبەتیە کە ئیسلامیەکان هەلی دەسەلاتگرتنە دەستیان زیاترە . هۆکاری ئەو حالەتەش ئەوەیە کە عێراق دوو جار داخرا و و ئاستەنگدار بوو لە تێکەل بوونی بە فیکری ڕۆژئاوا. یەکەمیان ڕژێمی سەددام کە بە تەوای عێراقی لە ڕووی فیکری و سیاسی و کۆمەلایەتی لە جیهان دابڕی بوو. دووەمیان ئایدۆلۆژیای بزاڤی ئیسلامی کۆمەلگەی عیراقی وا لێکردووە بە تەواوەتی فیکری ڕۆژئاوا ڕەتکەنەوە

ئەم دوو حالەتە وایکردوە هەر مەزهەبێك لەو کۆمەلگایەدا زیاتر و خۆی لە ڕووی فیکری نائیسلامیدا دابخات بە ناو خۆیدا بچێتەوە. وای لێکردوون ڕوحی مەزهەبیان تێدا خەستتر کاتەوە. بۆ نموونە مەزهەبی شیعە لەبەر ئەوەی زۆر لە تقوسەکانیان لە چەندین سال بوو لێ قەدەغە کرا بوو, وا ئێستە کە بواریان بۆ ڕەخساوە دەبینی چەند بە تاسە و گەرم و گوڕیەوە جێبەجێی دەکەن. لەو باوەڕەدام ئەگەر 35 لە بری سەرکوتکردن, ئازادی بوایە, ئێستە ئەو تقوسانە زۆر کال بووبونەوە . ئێستە کە سەددام لادەچێت بێگومان لەو گۆڕپانەدا ئەو مەزهەب وگروپانەن دەردەکەون کە هەم لە ڕووی ڕۆحی و هەم بە ژمارە هێزیان هەیە, ئەمەریکاش مامەلە لەگەل زەمینەی وا قعدا دەکات. جگە لەوەش ئیسلام خۆی وەك ئایین کاریگەری بەسەر هەموو تاکێکی ئێمەوە هەیە, بە لام چ ئیسلامێك؟! نەك ئیسلامێکی ڕەوشت و مەعریفەیی بەلکە ئیسلامێکی تقوسی و ڕووکەشی و تەوتەمی . علمانیەکانیش خاوەنی بیر ومەعریفەیەکی وەها نین بتوانن بەرنگاری جۆری سیستەمی ئایدۆلۆژیایی ئیسلام بنەوە کە چەند سەدەیەکە کۆمەلگەی ئیسلامی بەرەو دواوە دەباتەو. بۆ تێپەڕندنی سیتەمێکی وەها مرۆڤ پێویستی بە مەعریفەیەکی زۆر قول و ئەخلاقێکی مرۆڤ دۆستانە هەیە . ئەمەش لای ئێمە دەست ناکەوێ و بزاڤێك نیە خاوەنی ئەو خەسلەتە بێ . ئەوەی لای ئێمە باوە پەتا ئاسایە, ئەو پیاوانەی تا دوێنێ بە ناوی علمانیەتەوە دەدوان وا ئێستا لە ئیسلامیەکان ئیسلامی ترن . هۆی ئەش ئەوەیە کە

یەکەم جگە لە کاری سیاسی هیچی تریان پێ نیە . دووەم بۆ ئەوەی دەسەلاتیان لە کیس نەچێ ئامادەن لە بەرگێکی ئیسلامیدا خۆیان پیشان بدەن .

لەگەل ئەمانەشدا بە پێی خوێندنەوەیەکی دوور بینانە بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی جیهانی ئیسلامی و لەبەرچاوگرتنی بزاڤی بیری مرۆڤایەتی دەتوانم بلێم دیاردەی ئیسلامی سیاسی دیاردەیەکی کاتی یە و بەرگەی مەعریفە و بیرکردنەوەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی ناگرێ .

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئیسلام وەك ئایین و مەعریفە نامێنێ و خەلکی دەستەوسان بەرەو بێ ئایینی دەڕۆن. نەخێر بەلکو ئەوەی کە روو دەدات ئەوەیە مانای ئایین لە مانای خوایەتیەوە تا دەگاتە بچوکترین تقوس و نەریتی ئایینانە , دەگۆڕێ . ئەمڕۆ خەلکی لای ئێمە بە هۆی گرفتی بژێوی ژیان و سەرقالیان بە پڕکردنەوەی پێویستەکانیان کە چەند سالێکە لێی بێ بەری بوون, نایانپەرژێتە سەر چاودێری کردنی بیری نوێ و ڕەوتی کاروانی بیر و هزری مرۆڤایەتی. جگە لەوەش ئەم سیستەمە کەلتووریە کە ئەمڕۆ بالی بەسەر کۆمەلگانی جیهانی ئیسلامیدا کێشاوە, نایەلێ بوێرانە بیرکەنەوە. دەنا ئەوەی ئەمڕۆ گشتی ئاوا دەبنەوە و ئەو پارت و گرووپانەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانەکەدان بە ئیسلامی و چەپ و نەتەوەییەکانەوە گشتیان ئاودیوی زەمەنی ڕابردوو دەکرێنەوە. بەلام ئەمڕۆ چار نیە دەبێ ئەمانە دەرکەوون و بۆ ماوەیەك ئاشی خۆیان بگێڕن. هەروەك مارکس دەلێ : ( لێگەڕێن با بۆرژوازی سەرکەوێ و دەسەلات بگرنە دەست , ئەو جا کاری ئێمە دەست پێدەکات ) چونکە لە گۆڕپانەکەدا ئەمان هەن و بەسەریاندا باز نادرێت .

کەواتە هەم کۆمەلگا و هەم گۆڕەپان ئیمرۆ بە ئیسلامی سیاسی دەخوات بە تایبەتی لە جیهانی عەرەبیدا. لەگەل پەرەسەندنی پرۆسەی هۆشیاربوونەوە و دیموکراسی وردە وردە ئەو ڕەواجەیان نامێنێ , یان دەبێ ئەوانیش گۆڕانێکی جەوهەری دید و ڕوانگەی سەیرکردنیان بۆ ژیان و مرۆڤ بگۆڕن.

پ : ئەگەر دوا رۆژی ئەم ناوچەیە یان ئەو شتەی پێیدەلێن (( دنیای ئیسلام )) بکەوێتە بەر ڕەحمەتی پرۆژەی ئیسلامی سیاسی : یەکەم / ناوچەکە چی بەسەر دێت . دووەم / هاوکێشە جیهانییەکان چ گۆڕانێکیان بەسەردا دێت ؟

هەرچەن پێشتر من ووتم گۆڕەپانەکە ئەمڕۆ بەوان دەخوات بەلام ئەم گریمانەیە بۆ داهاتوویەکی دوور تا ڕادەیەك ستەمە تەواو بێ. چونکە ئاراستەی مێژووی گەشەی بیری مرۆڤایەتی بە پێچەوانەی ئاراستەی ئەوانە. خۆ ئەگەر ئەو گریمانەیش تەواو بێت. ئەوا موسولمانەکان نەك بەرەو سەرەتای ئیسلام, بەلکو بەرەو پێش ئیسلامیش دەچنەوە. دیارە ئەو گەڕانەوەیەش لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوەیە و هیچیشیان لەیەك ناچن واتە:

* لە ڕووی تقوس و عباداتەوە دەگەڕێنەوە بۆ قۆناغی تەوتەمیەت و لە ڕووی عەقیدەشەوە بۆ ئەنیمیەت.

* لە ڕووی سیاسیەوە ئەوا بارودۆخی ناوچەکە لە ئیستە باشتر نابێ ئەگەر خراپتر نەبێ, چونکە واقعی ئەمڕۆی ناوچەکە و بارودۆخی نێودەولەتی خوازیاری شتێکە پێچەوانەی ئاراستەی خەیالی ئیسلامی سیاسیە. ئیسلامی سیاسی کاتێ لە دەسەلاتدا نیە واقعەکە بە شێوەیەك دەبینێ و کاتێ دەگاتە دەسەلات ڕووبەڕوی کۆمەلێك واقع دەبێتەوە کە پێی قبول ناکرێ, وەك چۆن لە گرتنە دەسەلاتی حەماس دەیبینین. لە تورکیاش پارتی ئەردوگان لە کاتێکدا لە دەسەلاتتدا نەبوو پارتێکی ئیسلامی بوو , کاتێ دەسەلاتی گرتەدەست بۆ گونجان لەگەل واقعەکەدا ئیسلامیەتی خۆی کردە قوربانی عیلمانیەت. ئەو لە هەمووان زیاتر پێدا دەگرێ کە تورکیا ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا. چارەی کێشەکانی لەوێدا دەبینێتەوە نەك لە تەتبیقکردنی شەریعەتی ئیسلامدا.

* لە ڕووی ئابووریەوە, ئەوان هەروەك پارت و گرووپەکانی تر تا ئێستە نە خاوەنی پسپۆڕێکن لە بواری ئابووریدا و نە خاوەنی تیۆریەك یان پرۆژەیەکی ئابووری وان کە بتوانێ لەگەل ئاستی ئابووری جیهانیدا ڕێکبکات. ئیسلامیەکان پێیان وایە گوایا بە هاتنی ئەوان بۆ سەر دەسەلات گەندەلی نامێنی کەواتە باری ئابووری چاك دەبێ بە کورتیەکەی دزی ناکەن , بەلام ئەمەش خەیالێکی خۆشە, چونکە چارەسەری ئابووری بە تەنها بە چارەسەری گەندەلی و دزییەوە نەبەستراوەتەوە. جگە لەوەش چارەسەری گەندەلی بە ئامۆژگاری و مەوعیزە ناکرێ ,ئەو کارە خوازیاری پرۆسەیەکی زانستی و کۆمەلایەتیە, پێم وانیە جارێ لای ئێمە ئەوە دەست کەوێت. وەختی خۆشی سالی 1995 کە حزبی فەزیلەی تورکی بە سەرۆکایەتی ئەربەکان دەسەلاتیان گرتە دەست –لەو کاتەدا من خۆم لە تورکیا بووم – یەکێك لەو خەیالە خۆشەی هەیان بوو, ئەربەکان سەردانێکی عێراقی کرد بو و لەگەل سەددام دا باسی پرۆسەی دیناری ئیسلامیان کردبوو ... جگە لەوەش هەرهەمان پارتی ئەردۆگان کە لە پارتەکەی ئەربەکان جیا بوە وە و ئێستە لە دەسەلاتتدایە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکانی وولات ڕوو دەکاتە ئەورووپای عیلمانی. لە موناقەشەیەکدا لە گەل ئیسلامییەکی ئەربەکانی هەر لەوسالەدا کە لە تورکیا بووم دلی بەوە خۆش بوو مادام ئێمە دزی ناکەین باری ئابووری تورکیا بە چاکی ڕاست دەکەینەوە, منیش بزەیەك گرتمی وتم بابزانین. هەمان بزەم لە گەل ئەندامێکی بالای یەکگرتوودا لە موناقەشەیکی تردا بۆدرووست بوو لە تورکیا کاتێ وتی ئەگەر ئێستا(1995) هەلبژاردن بکرێت لە کوردستانی باشووردا ئەوا یەکگرتوو یەکەم دەبێت و پێش پارتی و یەکێتی دەکەوێتەوە.

ئیتر بڕوانە, ئەوە ئەزموونی سودان لەو لاوە با بووەستێ ئەوانیش بۆ چارەی گرفتەکانیان ئەوە بوو عومەر بشیر پالی نا بە حەسەن تورابییەوە تا بتوانێ زیاتر ڕوو لە جیهانی ئەوروپا و عیلمانی بکات.

ئەزموونی ئێران دوای ئەو هەموو پێداگرتنە لە سەر ئەوەی کە سیما و ڕووکەشی ئیسلامی خۆیان بپارێزن ,دەبینین, دەیەوێ بە کۆمەلگەیەکی لاواز و پەککەوتە و پڕ لە گرفتی کۆمەلایەتی, دەیەوێ زۆرانبازی لەگەل ئەمەریکا و ئەورپا بکات و ڕووبەڕووی ئەنجوومەن و ڕێکخراوە نێودەولەتیەکان بێتەوە.

من کە ئەم بۆچوونانە هەیە لەلایەکی دیکەشەوە پێم وانیە کە دەسەلاتێکی عیلمانی وەك لای خۆمان چارەی کێشەکانی پێبێت. تورکیا شازی نموونەی عیلمانی و دیموکراسیە لە ناوچەکەدا ئەوەش هەلوێستیەتی بەرامبەر چارەنووسی گەلێکی وەك کورد , جگە لەوەش لە بیرکردنەوە و بۆچوونیدا سەبارەت بە ئایین هیچ جیاوازیەکی بنەڕەتی نیە لە ئیسلامیەك .(( ئەو عیلمانیەتەی من مەبەستمە هەرچەن لێرەدا کایەی ئەوەمان نیە باسی لێوە بکەم, بەلام بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە پێویست بە ئاماژەیەك دەکات. ئەویش ئەوەیە کە عیلمانیەت ئەو جۆرە گۆڕانە جەوهەریە یە کە لە مرۆڤێکدا ڕوو دەدات وای لێدەکات کە چەمکی گەردوون و ژیان و مردن و ئایین و تەنانەت – خوا– ش بە تەواوی بە جۆرێکی تر بخوێنێتەوە و لای ئەم مانایەکی تر وەدەگرن , ئەو مرۆڤە بەو گۆڕانکاریە وەك ئەوە وایە جارێکی تر و لە زەمەنێکی تردا لە دایك بوو بێتەوە , واتە جیهانێکی بە تەواوی نوێ , بەلام ئەم جیهانە نوێیە خالی نیە لە ڕەهەندی ڕوحی و بێ خودا ش نیە , بەلام خوا یەکی تر و مرۆڤێکی تر و گەردوونێکی تر دەخولقێن. لێرەدا فەیلەسوفی ئیتالی "گیبیانی فاتیمۆ" کە هێشتا لە ژیاندایە بەنموونە دەهێنمەو. یەکێك لە بنەماکانی عیلمانیەت بە زەمینەکردنی دیاردە نادیارەکانە کە چەمکی خوایەتیش دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە. فاتیمۆ کە تا ئەم دواییەش خۆی وەك بێ دینێك لەقەلەم داوە, دەگەڕێتەوە و لەکتێبیکیدا بە ناوی (باوەڕم وایە کە باوەڕم هەیە) دەلێ من دەبمەوە بە مەسیحی چونکە مەسیح یەکەم کەس بوو خوای هێنایە سەرزەوی و خوایەکی نادیاری کردە خوایەکی دیار. بەلام ئایا ئەم بە مەسیحی بوونەوەی فاتیمۆ ئەو مەسیحیەتەیە کە مێژوویەکی دیاری هەیە و ئەو مەسیحیەتیە کە عەقیدەی کاسۆلیك و پرۆتستانت هەلگرین؟ بە تەئکید نەخێر چونکە ئاسمان و ڕێسمانیان فەرقە.

ئەم پرۆسەیە جارێ لای ئێمە نەهاتۆتە دی, هەموو پارت و گرووپەکانی لەمەڕ خۆمان هەر لە بازنەی جیهانێکی کۆن و پەککەوتەدا دەخولێنەوە.

بەلام کێشەی گەورەی  ئیسلامیەکان ئەوەیە کە ئەوان لە ساتەوەختێکی مێژوویدا چەقیوون, بە ئاسانی دەرباز نابن. هۆشیار بوونەوە و دەربازبوون لەو حالەتە ئاستێکی بیرکردنەوەی بەرز دەخوازێ کە ئەویش لە پڕۆسەی بە عیلمانی بووندا خۆی دەبینێتەوە. هەرچەن عیلمانیەت نابێتە بەدیلی عەقیدەیەك. بەلکو پڕۆسەیەکی ئەقلی و نیوتراڵە, پڕۆسەیەکە ڕۆلی بەتالکردنەوە لە عەقیدە دەبینێ و مرۆڤ سەرپشك دەکات لەوەی  بە چ عەقیدەیەکی تر خۆی پڕ دەکاتەوە . ئەم بەتالکردنەوە و پڕکردنەوەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر بوە و بەردەوامیش دەبێ . تا سەردەمی مۆدێرنە هەر عەقیدەیەکی ئایینی , بە بەتالکردنەوەی  عەقیدەیەکی ئایینی پێش خۆی  دەستی پێکردووە. بەلام پاش مۆدێرنە ئەو ڕۆلی بەتالکردنەوەیە کەوتە دەستی زانست و فەلسەفە. یان ڕوونتر بلێین عیلمانیەتە ئەمڕۆ ئەو ڕۆلە دەبینێت. کاتێ ئیسلام هات ئەو ڕۆلە یان ئەو پڕۆسەیەی ئەمڕۆی عیلمانیەتی بینیوە هەروەك ئاینەکانیتریش لە ئاست ئاینی پێشووتر دیویانە. بڕوانە ( لا الە الا اللە ), دەبینی پێکهاتووە لە ( لا الە ) واتە هیچ خوایەك نیە, ئەمەیان ( بەتالکردنەوەیە ). (الا اللە) واتە تەنها  اللە نەبێت , ئەمەیان پڕکردنەوەیە. واتە موحەمەد لەسەرەتادا نەتەوەکەی لە هەرچی عەقیدە و خوای جۆراو جۆری   پێشوو هەیە بەتالی کردنەوە و دوایی بە یەکتاپەرستی پڕیکردنەوە . بۆچی _ اللە _؟ ئەم ووشەیە ناوێکی عەرەبیە بۆ (خودا ) و عەرەب بەو ناوە ئاشنا بوون و مێژووی ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی باو باپیرانیان (ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی). ئەگەر لە تەتوسێکی ڕۆژانەی بودیسم وردبیتەوە دەبینی بەبەردەوام لەو بەتالکردنەوە و پڕکردنەوەیەوە سەرچاوە دەگرێت ئەویش ئەوەیە کە بەبەردەوام دەڵێن ( بەتالی فۆرمە و فۆرمیش بەتالییە), ئەم حالەتە فێری ئەوەیان دەکات کە بەبەردەوام فێری دەستبەرداری ڕابوردوبن و بە ئاسانی نوێخوازی قبول بکەن. هەرچەندە ئەم تەتوسانە لەمڕۆدا هێندە کاراییان نەماوە بەلام مەبەستەکە ئەمەیە کە ئێستا من دەیلێم. ئەمڕۆ هیچ عەقیدەیەکی ئایینی ئیتر ناتوانێ ئەو ڕۆلەی عیلمانیەت ببینێ, کە خۆی ئەو ئایینە پێشتر ئەو ڕۆلەی سەبارەت بە ئایینەکەی پێش خۆی بینیوە. ئیسلام ناتوانێ جارێکی تر ئەو ڕۆلە ببینێت و لەگەل عیلمانیەت دا هیچی پێناکرێت. بەلکو عیلمانیەت دەتوانێ جیهانی ئیسلامی لەو عەقیدەیەی بەتال کاتەوە , دوای ئەوە بە چی پڕ دەبێتەوە هێشتا سیماکانی دیار نیە. چونکە هەر وەکو ووتمان عیلمانیەت نە خۆی عەقیدەیە و نە ڕۆلی پڕکردنەوەش دەبینێ. ئەمە ئەو سیما جیاوازەیە کە عیلمانیەت لەبەرامبەر ئاییندا هەیەتی . ئایینك هەر خۆی ڕۆلی بەتالکردنەوە و هەر خۆشی ڕۆلی پڕکردنەوەی دەبینی واتە هەردوو ڕۆلەکە بە ناوی خوایەك یان میتافیزیکایەکەوە دەبینی , بەلام عیلمانیەت پڕۆسەیەکە ڕۆلی بەتالکردنەوە دەبینێ و ڕۆلی پڕکردنەوەش  بۆ مرۆڤ خۆی جێدێلێ وەك ئەو نمونەیەی فاتیمۆ.

 ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا  کە پڕۆسەی عیلمانیەت جێبەجێ کراوە , وە نەبێت عەقیدەی تر دروست نەبووبێ , بەلام جیاوازی ئەم عەقیدە دروست بووانە ئەوەیە کە لەسەر بنەمایەکی پیرۆزی و غەیبی  دانەمەزراوون , بەلکو لەسەر بنەمای بە مرۆڤبوون دامەزراوە و پڕیشە لە ڕەهەندی ڕۆحی.  بۆ نموونە هیومانیزم یەکێکە لەو چەندین عەقیدەیەی لە ڕۆژئاوادا جێگای ئایینی غەیبی گرتۆتەوە . کاسۆلیك و پرۆتستانیش تادێ ڕۆژ بە ڕۆژ بەرگی غەیبیانی لێ دادەڕنێ و خەریکە دەبنە ئایینێکی زەمینی و مرۆڤانە.

ئیسلامیش هەمان پڕۆسەی بەسەردا دێت و مانەوەکەی, مانەوەیەکی مێژووییانە دەبێت بە تایبەتی لەناو عەرەبدا, چونکە ئیسلام ناسنامەیەکی پتەوی بۆ عەرەب پێکهێناوە. ئەمە لە داهاتوویەکی دووردا, بەلام سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی ئەوەندە خۆی پێناگیرێ وەك ئیسلام خۆی کە مێژوویەکی فیکری و مەعریفی لە پشتەوەیە . بۆیە ئەو گریمانیەی کە ناوچەکە بکەوێتە  بەر ڕەحمەتی ئەوان مەزەنەیەکی تا ڕادەیەکی زۆر دوورە, هەر چەن تا دە و بیست سالێکی تریش هەر دەنگ وباسیان گەرم و گوڕدەبێت, چونکە ئەلتەرناتیڤی ئەوان جارێ دروست  نەبووە.

من كه ئه‌م بۆچوونه‌م هه‌یه‌ نه‌ له‌ دژایه‌تی كردنمه‌ و نه‌ رق لێبوونه‌وه‌یشه‌, به‌ڵكو خوێندنه‌وه‌یه‌كی زانستیانه‌ی مێژووییه‌ بۆ دیارده‌ی ئیسلامی و كۆمه‌ڵگه‌ی رۆژهه‌ڵات . بۆ زیاتر ڕونكردنه‌وه‌ وتاری (عێراق و ئاینده‌یه‌كی ئاڵۆز)و( نه‌ستی موسلمانه‌كان وشكاندنی بتێك) بخوێنه‌ره‌وه‌ له‌ www.rwanin.com ئه‌رشفی 2003.

خۆشم ئه‌وه‌ زۆرباش ده‌زانم هه‌رچه‌نده‌ بمه‌وێ ناتوانم نه‌ به‌ته‌واوه‌تی بابه‌تی بم و نه‌ به‌ته‌واوه‌تیش ئه‌و چاویلكه‌یه‌ لابه‌رم كه‌ به‌رچاوی هه‌موو مرۆڤێك ده‌گرێت, چونكه‌ من هه‌رچی و هه‌رچۆن بم هه‌ر ئه‌و مرۆڤه‌ كورتبره‌م كه‌ ناتوانم هه‌موو شته‌كان ببینم, له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا به‌ هه‌موو توانایه‌كی زانستی خۆمه‌وه‌ ئه‌و هه‌وڵه‌م داوه‌ چاویلكه‌ی ڕابوردو, ئایدیۆلۆژیا, مێژوو, حه‌زی تاكگه‌رایی وه‌لانێم, چونكه‌ ئه‌م چاویلكانه‌ هێنده‌ به‌توندی به‌ سه‌ر و گوێلاكمانه‌وه‌ لكاون به‌هه‌موو هێزوتوانای خۆته‌وه‌ هه‌رده‌توانی ماوه‌یه‌ك لایبه‌ریت و هێنده‌ ناخایه‌نێت بێ ئه‌وه‌ی به‌خۆت بزانیت دێته‌وه‌ به‌رچاوت و به‌رچاوت ده‌گرێت و دیسانه‌وه‌ ده‌بێ ئه‌و خه‌مه‌ بخۆیته‌وه‌ كه‌ به‌رچاوت بێ چاویلكه‌ كه‌یت و زانستیانه‌ دیارده‌كان بخوێنیته‌وه‌.

پ : ئه‌ی ئه‌م هێزه‌ له‌ خۆرئاوا وجودی چۆنه‌ ؟ به‌هێزه‌ یان لاواز ؟ كاریگه‌ره‌ یان دووره‌ له‌ كاریگه‌ریی دانان له‌سه‌ر كۆمه‌ڵگه‌ و جڤاته‌كانی ئه‌وێ ؟ ئه‌وی خۆرئاوا (( ئه‌گه‌ر بشێت وه‌كو یه‌كه‌یه‌كی شارستانی وه‌ریبگرین )) چۆن مامه‌ڵه‌ له‌ته‌ک ئه‌م هێزه‌دا ده‌كات ؟

له‌سێ ته‌وه‌ره‌وه‌ ده‌توانین باس له‌ ئیسلامی سیاسی له‌ ئه‌وروپادا بكه‌ین ئه‌وانه‌ش ته‌وه‌ری ئه‌كادیمی و سیاسی و كۆمه‌لایه‌تیه‌.

له‌ ته‌وه‌ری ئه‌كادیمیه‌وه‌ كه‌ زانكۆكان ده‌گرێته‌وه‌ , زۆر باش ئاگاداری ئیسلام و مێژووی ئیسلامن و زانستیانه‌ لێی ده‌روانن و به‌یه‌كێك له‌و دیارده‌ گرنگانه‌ داده‌نرێت كه‌ به‌شدارییه‌كی به‌رچاوی بووه‌ له‌ ره‌وتی مێژووی مرۆڤایه‌تیدا. سه‌باره‌ت به‌ ئیسلامی سیاسیش لای ئه‌وان ره‌گ و ریشه‌ی قوڵی هه‌یه‌ و ده‌گه‌رێته‌وه‌ بۆ پرۆسه‌یه‌كی مێژوویی دوور و درێژ. هیچكات من هه‌ستم نه‌كردوه‌ و نه‌مدیوه‌ كه‌ به‌ چاوی رق و قین یان نا بابه‌تیانه‌ له‌ ئیسلام یان ئیسلامی سیاسی بروانن یان په‌نجه‌ی گومان و تاوانباری بۆ راكێشن ,به‌ڵكو هه‌ندێ جاریش وا رێكه‌وتووه‌ كه‌ بیانووبیان بۆ هێناوه‌نه‌ته‌وه‌. چونكه‌ ئه‌وان زۆر چاك له‌وه‌ گه‌یشتوون كه‌ تێپه‌راندنی قۆناغی ئاینداری و تیولۆژی به‌ره‌و قۆناغی ئه‌قڵ و زانست كارێكی ئاسان و سانا نیه‌. هۆی ئه‌و ئاگادارییه‌شیان له‌و رووه‌ وه‌ ده‌گه‌رێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی كه‌ مێژووی خۆشیان هه‌روا ئه‌و قۆناغه‌ی به‌ زه‌حمه‌ت و دوای تێكۆشانێكی زۆر سه‌خت بریوه‌.

له‌ ته‌وه‌ری سیاسیشه‌وه‌ هه‌ندێ له‌و پارت و گرووپانه‌ی كه‌ پێیان وا بووه‌ ئیسلامی سیاسی مه‌ترسیداره‌ له‌ دوای یانزه‌ی سێپته‌مبه‌ر ئه‌و مه‌ترسیه‌یان زیاتر بووه‌ و . ته‌نانه‌ت ئه‌م مه‌ترسیه‌ كاریگه‌ری هه‌یه‌ له‌سه‌ر دیدی و روانگه‌ی پارته‌كانی تر كه‌ تا ئێسته‌ ئه‌و مه‌ترسیه‌یان نه‌ بووه‌ . له‌ ناو زۆربه‌ی دانیشتوون و كۆبوونه‌وه‌كانی په‌رله‌مان و پلان و نه‌خشه‌ دانانی حكومه‌ت و میدیاكاندا باسی ئیسلامی سیاسی و تیرۆر– به‌ تایبه‌تی – و خستنه‌كاری یاسای نوێ و توند بۆ رێگرتن له‌و مه‌ترسیه‌, له‌ جاران حزوری زیاتره‌ و هه‌ندێ جاریش ده‌بێته‌ بابه‌تی سه‌ره‌كی مێزگرد و به‌رنامه‌ی میدیاكان.

به‌لام له‌سه‌روو هه‌موو ئه‌مانه‌شه‌وه‌ له‌ئاستی ره‌سمی هه‌موو ئه‌و حكومه‌تانه‌ تیرۆر و تیرۆرستان ده‌خه‌نه‌ خانه‌یه‌كی جیاواز له‌ خانه‌ی ئیسلامی سیاسی و ئیسلام خۆشی.

له‌ ته‌وه‌ره‌ی كۆمه‌لایه‌تیه‌وه‌ . هه‌ندێك جار رووبه‌ڕووبونه‌وه‌ روویداوه‌ له‌ نێوان موسلمانه‌ نیشته‌جێكان و دانیشتوانی ره‌سه‌نی ئه‌و وولاتانه‌, وه‌ك سوتانی مزگه‌وت و قوتابخانه‌ ئیسلامیه‌كان و یان سوتانی كه‌نیسه‌ و كوشتن و

**هەڕەشەکردن لە کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیرانی ئەو کۆمەلگەیە, یان بە شەڕە قسەو  ووشە و بڕگەی ناشرین و نا بابەتیانە ئازاری یەکتر دەدەن . ئەم دیاردەیە زیاتر لە نێوان ئەو خەلکانە دەبینرێ –لە هەدوو لا –کە ئاستێکی ڕۆشنبیری نزمیان هەیە و  شارەزای مێژووی فیکری و مەعریفی ئیسلام و ڕۆژئاواش  نین. ئەو ترسەی ئەورووپیەك لە موسلمانێك هەیەتی , بە هەمان شێوە موسولمانێکیش هەمان ترسی لە کەسی خۆر ئاوایی هەیە بەلام زۆر جار هەردوو لا نازانن  مامەلە لەگەل ئەو ترسەیان بکەن و گوزارشی لێبکەن, ئەو پیاوەی بەناوی (پیم  فورتاون) کە لە لایەن هۆلەندییەکەوە تیرۆرکرا بەرامبەر بە ئیسلام لەسەر تەلەفیزیۆن قسەیەکی کرد کە گوایە ئیسلام کەلتورێکی دواکەوتووە. مەبەستی لە کەلتوری ئیمرۆی موسلمانەکان بوو. ئەم پیاوە لە بواری سۆسیۆلۆژی پسپۆڕ بوو و دامەزرێنەری پارتێکی سیاسی بوو. لەگەل ئەوەشدا خەلکێکی زۆر دژ بەو بۆچوونەی ئەو بوون. بۆنموونە پرۆفیسۆرێکی زانکۆی (نایمێخن) لە هۆلەندا پسپۆڕ لە بواری سۆفیگەری لە موحازەرەیەکدا کە باسی ئەبوحامیدی غەزالی هاتە ناو ناوانەوە وتی دەبێ "پیم فورتاون" شەرم بیگرێت کە بە ئیسلام دەلێ کەلتورێکی دواکەوتو بوو ,کاتێ ئەو کەلتوورە کەسێکی وەك غەزالی بەرهەم هێنابێت.**

**کۆمەلگەی ئەورووپی زۆر جار دەبن بە دوو  ئاراستەی جیاوازەوە , ئاراستەیەك پشتگیری لە موسلمانەکان دەکەن و ڕەخنەی توندیش لە دەسەلاتی حوکم و کۆمەلگەکانی خۆیان دەگرن کە نازانن مامەلە لەگەل دیاردەی ئیسلامی سیاسی و موسولمانەکان بکەن. زۆر بەویژدان و بابەتیانە(هەندێ جار بە نەشارەزاییش) سەیری ڕوودا و دیاردەکان دەکەن . ئەو ئاراستەیە پێی وایە کە کۆمەلگە و حکومەتەکانیشیان زیاتر خۆگر و بە ئارامتر و ئاقلانە تر مامەلە لەگەل جالیەی ئیسلامی نیشتەجێی وولاتەکەیان بکەن و زیاتر مرۆڤانەتر مامەلەیان لەتەکدا بکەن. مەبەستی ئەوانیش لەمەدا ئەوەیە کە گرووپە تیرۆریستەکان لە کۆمەلگە دابڕن و ئەوان نەبنە پالپشتیان و دالدەیان نەدەن .**

**ئاراستەیەکەی تر پێی وایە  کە سیاسەتی حوکمەتەکانی پێشوو تر و کۆمەلگەی ئەورووپی بە گشتی زۆر سادە و ساکار مەمەلەیان لەگەل دیاردەی ئیسلامی سیاسی  کردووە و ڕێگەی زۆریان پێداوون کە بە ئازادانە بانگەشە بۆ گوتار و دید و بۆچوونی خۆیان لە مزگەوتەکان و تەنانەت شەقامەکانیشدا بکەن. پێیان وایە کە ئەوان ئەو ئازادی ڕا دەربڕینەی ئەورووپایان زۆر خراپ بەکار هێناوە .بۆیە  دەبێ یاسا و ڕێ و شوێنی توندوتیژتری زیاتر بەکار بهێنرێ لەبەرامبەر هەندێ دیاردەی وەك قوتابخانە ئیسلامیەکان و ووتارە ئاینیەکانی مزگەوتەکان و  و دیاردەی حجاب و دزەکردنی کۆچبەران بۆ وولاتەکانیان.**

 **ئەوەی زیاتر قەیران دروست دەکات ئەوەیە کە موسولمانەکانی دانیشتووی ئەورووپا و دەرەوەی ئەورووپا هیچ شارەزاییەکیان لە مێژووی فیکری و مەعریفی ئیسلام نیە هەروەك بلێی مێژووی ئیسلام بریتیە لە سەردەمی موحەمەد و هاوەلەکانی و  ئەو سەرکەوتنانەی کە لە ڕووی سیاسی و عەسکەریەوە لەو کاتەدا بەدەستیان هێناوە , دەیانەوێ ئەو حالەتە بۆ ئەمڕۆ بگوێزنەوە . ئەم حالەتە وایلێکردوون نەتوانن ئاقلانە و زانستیانە مامەلە لەگەل کێشەو ڕووداوەکانی ئەمڕۆدا بکەن , بە کورتیەکەی ئەو عەقیدەیە کە دوێنێ بووە هۆی کرانەوەیان بەسەر دنیادا ئەمڕۆ پێی گوشراوون و هەموو سیستەمێکی بیرکردنەوە و دینامیکیەتی میکانیزمەکانی دەروونی ئەو موسولمانانەی خنکاندووە و سەرکوێری کردوون. بە ڕادەیەك گیریان خواردووە لەئاست مامەلەکردن لەگەل ئەمڕۆدا. گەر کەسێکی هۆشیار لە دەرەوەی خۆیان تێیان بڕوانێ دەزانێت ئەمانە خەوتوون و خەون دەبینن.**

پ : ئایا ئیسلامی سیاسی مەترسییە بۆ سەر کۆمەڵگاکان یان ڕزگارکەر و دەرهێنەری ئەو کۆمەڵگایانەیە لەودۆزەخەی ئێستا تیایدا دەژین ؟ ئەگەر مەترسیین چۆن دەتوانین ڕووبەڕوویان ببینەوە ؟

بێگومان ئیسلامی سیاسی مەترسیە , نەك لەبەر ئەوەی ئەوانە هەلگری عەقیدەی ئیسلامن و یان لەبەر ئەوەی ئەوان موسولمانن , نەخێر هەر لەبەر ئەوەی ئەوانیش وەك ئەو پارت و گرووپانەی تری ڕۆژهەلات بە پڕۆسەی عیلمانیەت و دیموکراسیدا تێنەپەڕیون. باشتر بلێم من هەر ئەوان بە مەترسی نازانم, بەلکو هەموو ئایدۆلۆژیا نەتەوەگەری و چەپگەریەکانیش بە مەترسی دەزانم . چونکە گشتیان بەم ئەقلیەت و بیرکردنەوەی ئێستا هەیانە مەترسین بۆ مرۆڤایەتی و لە پێشەوە بۆ مرۆڤگەلی خۆیان.

لێرەوە وەلامی یەکجاریم بۆ هەموو پرسیارەکانت ئەوەیە, بەلێ ئیسلامی سیاسی ڕزگارکەری مرۆڤگەلی ئێمە نین و ناشتوانن لەو دۆزەخەی کە تیایدان , دەرمانهێنن . بەلام ئەوان وەك مرۆڤگەلی ئەم نەتەوەیە ڕێزی خۆیان هەیە و نابێت بەکەم سەیر بکرێن, چونکە ئەوانیش هیچیان لەوانی تر کەمتر پێنیە, ئەگەر زیاتریان پێنەبێت , ئەوانیش وەك ئەوانی تر قوربانی مێژوو و ڕابردووی خۆیانن. گلەیی و ڕەخنەی من بە شێوەیەکی گشتی لەوان ئەوەیە کە ئەوان لەسەردەمێکی مێژوویدا چەقیون. دەربازبوونیان لەو حالەتە پرۆسەیەکی هۆشیار کردنەوە هێدی و لەسەرخۆ, دەخوازێ, کە سەرجەم کۆمەلگە و مرۆڤگەلی ئێمە پێویستی بە پڕۆسەیەکی لەو شێوە هەیە. تاك و تەرا لێرە و لەوێ لە لای هەندێ ڕۆشنبیری سەربەخۆ , شوازێك لەو جۆرە پڕۆسەیە بەدی دەکرێ و منیش بە پێی توانای خۆم هەولێکم داوە لە ڕووی دەروونی و ڕۆحی و مێژووییەوە و لە چوارچێوەی فینۆمینۆلۆژیادا پڕۆسەیەکی لەو شێوەیە بۆ نەتەوەی کورد بە ناوی ((ئەنتی باوان )) لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوی (( سایکۆپۆلۆتیك )) گەلالە بکەم . ئەم کتێبە هێشتا بلاو نەکراوەتەوە..

4- 2006

Azad60@hotmail.com